# شۆکی کولتووری و فرەکولتووری

د. ئەحمەدی مەلا

شۆکی کولتووری یا سەدمەی کولتووری دەبێ وەکو دیاردەیەکی فرەلایەن تەماشا بکرێت ؛ واتە خاوەن فرەرەهەندە. هەروەها لە گەلێ ئاستیش دا روو دەدات و کردەیەکی ئاڵۆزە. شۆک خۆی لە خۆی دا، با دەرئەنجامێکی نیگەتیفیشی هەبێت، دەبێ لە کۆی گشتیی دا بخوێندرێتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی دی قسان بکەین، دەبێ بڵێین کاتێک کە پلەی شۆک دەگاتە سفر، واتە نەبوونی شۆک، ئەو بەتاڵییە پڕ دەبێت لە نێگەتیف، لەم بارەدا "هیچ" روونادات.

لە نێو ئەدەبییاتی کوردی دا، گەلێ موفرەدە دەمێک ساڵە فەرهەنگی نوسینمانی داگیر کردووە، وەکو " غوربەتی" و " تەغریب" و " نامۆ" بوون و " مەنفا" و "دوورەوڵاتی" هتد بەڵام کەمجار ئاوڕ لە موفرەدەی " شۆکی کولتووری" دراوەتەوە و کەمجاریش بە ژێر نووکی قەڵەمەکانماندا تێپەڕیوە.

یەکێ لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی عەقڵییەتی کوردی. گەر چاوێک تەنها بە گشت ئەو دێرە شیعرییانەدا بگێڕین  کە شاعیران بۆ رازاندنەوە دیوانە شیعرییەکانیان هەڵیانبژاردووە، هەست دەکەین سەرتاپای بە دەوری واتاکانی غوربەتی و بە غوربەتبوون و نامۆ بوون دا گیرساونەتەوە. دەیان ساڵ "بادی خوش مرووری" نالی وەکو شادێر هەڵدەسەنگێندرا، لە کاتێک دا، سەرتاپای رەمزەکانی "با" و "پەیام" و 'دووری" سەر بە بەهاکای چاخەکانی ناوەندن.

با هەندێ جاریش، تۆنێکی وجوودی، وەکو نەغمەیەکی رۆمانسی باڵ بەسەر ئەو واتایانە کێشابێت، بەڵام لە ناواخن دا، زیاتر غوربەتییەکی دونیای کشتوکاڵییە زیاتر وەک گەڕانێکی وجوودی بێت.

واتە لە گشت ئەم حالەتانە، "شۆک" دروست نابێت. چونکە سوژێ، یا خودی ئەکتەر لەم بوارەدا، خودێکی پاسیفە و نغرۆ دەبێتە نێو رابردووەییەکی وەهمی و ئێستایەک کە تەنها " ئەنترۆسپێکسیۆنە" واتە لە پشکنینی خودا کۆتایی دێت.

" شۆک" کردەیەکە لە ئاستی هۆشیاری دا دێتە دی، لێکترنجانی دوو جهیانبینییە، دوو شیوەی هەڵسوکەوت و دوو پراکتیزەکردنی ژیانە.

دەبێ بزانین تێکەڵبوونی ئێمە، لەم چەند دەیەی رابردوو، لە گەڵ شارستانی ئەورووپی چ کاردانەوەیەکی هەبووە لە سەر زمان و شێوەی بیرکردنەوەمان؟ لە چ دەرچەیەکەوە تەماشای خۆمانمان کردووە؟ چۆن گەشەمان بە تێڕوانینەکانمان داوە؟

ئەگەر شارستانییەتەکانی دونیا دابەشبکرێتە سەر پێنج بەش: واتە شارستانی یەهوودی-مەسیحی کە رۆژئاوا دەگرێتەوە، شارستانی "پێش کۆلۆمبی" کە شارستانەکانی مایا و ئۆلمێکو زاپۆتێک و ئەستێک-مان مەبەستە، شارستانی ئاسیایی کە هەندێ جار بە پێست زەردەکان دەناسرێتەوە  و شارستانی ئەفریقایی رەش و شارستانی ئیسلامی، ئەوەی جێی گومان نییە، ئێمە  لە نێو شارستانی ئیسلامی دا دەناسرێینەوە. لێرە هەڵبەتە ئیسلام تەنها وەکو بیروباوەڕ نابێ سەیر بکرێت بەڵکو لە ژێر رۆشنایی کولتووری دا دەبێ بخوێندرێتەوە.  مەبەست سەرجەم بنەما کۆمەڵایەتی و کۆ-هەڵسوکەوت و کۆ-رەفتاری و خوو و رەوشت دەگرێتەوە، واتە

سەرجەم ئەو زانیارییانەی کە لە تاکێکەوە گوازراونەتەوە بۆ تاکێکی دی، یا لە نەوەیەکی گوازراوەنەتەوە بۆ نەوەیەکی دی. لێرە گشت ئەو مەرجە ویراسییانە دەبێ بە لاوەخرێن.
تاکی کورد کاتێ بۆ یەکەمجار پێ دەنێتە نێو شارستانییەتێکی دیکەوە، لێرە هەڵبەت باس لە رۆژئاوا دەکەین، دەبێ چی بن گشت ئەو دیاردانەی کە دەبنە جێی سەرنجی و چۆن ئەو دونیا نوێیە دەخوێنێتەوە. یا ئەگەر نایخوێنیەوە بۆچی وەکو غەریبێک بە تەنیشت گشت ئەو دیاردانە تێدەپەڕێ و تەنها هەر بیر لە خودی خۆی و رابردووی خۆی دەکاتەوە. لە پاڵ حەسرەتێکی قووڵ، رابردوو تاقە فەزایە بۆ گوزەران!
ئایا تەنها وەکو توریستێک لە شتە رووکەشەکان رادەمێنێ، یا وەکو موهاجیرێک تەنها بیر لەوە دەکاتەوە چۆن ژیانی ماددی خۆی و خاووخێزانی دابێن بکات، یا وەکو تاکێکی چالاک بیر لەو کولتوورەش دەکاتەوە کە تیایا دەژێت. لە پاڵ زمانێکی نوێ، ئایا هەست دەکات ئیتر بووەتە خاوەن دوو کولتوور یا کولتووری رابردوو هەند زاڵە بەسەرییەوە کە ئیتر ناتوانێت دەسبەرداری رابردووی خۆی بێت تا دەگاتە ئاستی چەقبەستن؟
ئیمرۆ لە جیهاندا، دیاردەی فرەزمانیی و فرەکولتووری وەکو دیاردەیەکی دەوڵەمەندکار سەریر دەکرێت. تاکی دونیای ئازاد تاکێکی چالاکە و هەمیشە دەڕوانێتە ئایندە. رابردوو گرینگیی تەنها لەوەدا هەیە کە بەشداربێت لە ئێستا، ئەگینا رابردوو تەنها هەر وەهمێکە لە زیهن دا.
واتە شۆکی کولتووری پێویستە بۆ ئەوەی تاک بە چاوێکی نوێوە رابردوو و ئێستای بخوێنێتەوە و سوود لە گشت ئەو توخمانە وەرگرێت کە ئەو دوو کولتوورە پێشکەشی دەکات. شۆک واتە راچەڵەکانێکی پۆزەتیف لە پێناو ئەوەی بە چاوێکی نیسبییەوە سەیری گشت بەها کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییەکان بکەین. تەنها لە پێناو ئەوەی لە جیهان دا بژێن.

**دانیشگای کاستیا لا مانچا-ئیسپانیا**
amala@voila.fr